# بۆ وەعز نووس وسوختەیەکی ئیسلامی ! *

ئاسۆ عەبدوللەتیف

جارێکی تر ناچارم وەڵامی قەڵەمێکی هەژار و سوختەیەکی واعیز بدەمەوە کە نازانێت چەمکی شەرع کامەیەو هەمدیس دابەشمان ئەکاتەوە لەنێوان کوفرو ئیمانداو سەرگەردانمان ئەکات بەوەی کە پێشتر خۆ بەئیسلامیزان بوین و ئێستا لاماندداوە تەنها لەبەر ئەوەی رەخنەیەکمان لێگرتوە وسەکسوکێکمان هێشتۆتەوە ئومێدەوارم پلەی ئەو لای خوا پلەی وەلی بێت و هیچ گوناهێکی نەبێت؟! وە لادەرمان ئەکات تەنها لەبەر ئەوەی کە ئیزدیواجیەتی فیکری وحیزبی و ماهیەتی ئەومان دەرخست و وەبیر خەڵکمان هێنا کە ئەم قەڵەمەی کە شانازی بە چەقبەستویی فکری خۆیەوە ئەکات و خۆی کردۆتە فەتوادەرو بەراست و چەپدا کەوتۆتە بەخشینەوەی نامەی ئەعمالی بەهەشت و جەهەنەم، هیچ نیە جگە لە دووبارەکردنەوەی ئەزمونێکی سەقەتی تاڵی رابردوو کە هەر ئەوەندەی نوێژێك و (عم و تبارك) یان لەبەرکرد ئیدی خەڵك کافر بکەن، ئەو کە زۆر جار خۆی بە عەللامەو داکۆکیکارێکی سەرکێش و کۆنزەرڤاتیڤ ئەزانێت لە دین دەرکەوت خاوەنی هیچ جیهانبینی و سادەترین لۆژیکی حیوارو وتوێژێك نیەو بەردەوام خەریکی تاڵانکردن و گواستنەوەی بیرو بۆچونی شۆڤێنیە ئیسلامیە تەقلیدیەکانی عەرەبە کە لای من بایی پوشێکی گەرمیان بەهایان نیە، ماوەی چەند رۆژێکە فێری (وەعز) ووتار نوسین بوە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا و خەریکی گواستنەوەی کێشمەکێش و ململانێی حیزبە ئیسلامیەکانەو وەك بلێیت هەنگوینی لە کلۆرە دارا دۆزیبێتەوە قسان ئەکات و ووشە ریز ئەکات و زەمی پەرلەمانتارە ئیسلامیەکان ئەکات و ئیتر ئەوەی ئەم نەیلێت کەسی تر نایزانێت و نوسینەکانی ئەبنە سەرچاوەی باوەرپێکراو؟! لێرەوە پێی ئەڵێم باشە ئەوە جگە لەو نوسینانە شتێکی تر نازانیت بینوسیت ؟

دێت فەرمودەیەکی پێغەمبەری پێشەوامان بۆ نقلْ ئەکات گوایە وەڵامی منی داوەتەوە بێئەوەی توانیبێتی خۆی لە قەرەی بچوکترین وەڵام دابێت کە کۆی مەبەستی ووتارەکەی منی لە خۆ گرتوە وەئەشزانم ئەو بەدەر لەو توندوتیژیە زمانییە بنلادنیە خاوەنی تاقە بەڵگەیەکی مەعریفی نیە، ئەم سۆران ناوە تازە بەتازە ئەیەوێت خۆی فێری چەمکە تازەو مۆدێرنەکان بکات بەو هیوا پلاویەی لە ئەخیردا وەکو قسەکەرومونەزیری ئیسلام و شەرع و سەلەفیەتی حەقیقی خۆی دەر بخات و شانازیشی پێوە ئەکات.

هاتوە کتومت دەقێکی دوکتۆر حوسامەدین موسای هێناوە کە مامۆستای فیقە و ئسوڵە لەزانکۆی قودس و دەقەکە ئەگەرچی هەندێ ئایەت و فەرمودەی پیرۆزی تێدایە بەڵام رێك دژ بە کولتوری رۆژئاوایی و دەوڵەتی جولەکە ووتراوە وشمولی ئەم باسەی ئێمە ناکات کەچی ئەم ئیسلامیە کوردیەش نقڵی کردۆتەوە بێئەوەی لە ناوەرۆکەکەی حاڵی ببێت و بزانێت ئەسباب نزولی ئەم ئایەت و فەرمودانە بۆ چی و چۆن هاتوون و ئینجا ئەو ئوستازە عەرەبەش بۆ چ مەبەستێك بەکاری هێناوە ئەگەر (كلمة الحق يراد بها الباطل) نەبێت،

پێغەمبەری خوا بەم شێوەیە فەرمویەتی ( لتتبعن سنن الذين من قبلكم حتى اذا دخلوا جحر ضب دخلتموه) ئێوە ئەبێ شوێنکەوتەی سونەت و پێشینەکانتان بکەون ئەگەرچی ئەوان چوبنە کون و تونی سوسمارێك ئێوەش ئەبێ بچن، ئەمە پێشبینیەکی پێغەمبەرە بۆ ئومەتەکەی کە لە دواجاردا وایان بەسەردێ، ئەم فەرمودەیە چ رەبتێکی بەو باسەی ئێمەوە هەیە و چ رەبتێکی بە شەرعیەت بەخشینی کاکی وەعز نوسەوە هەیە بە هەڵنەسان و رێزنەگرتنی مامۆستای ئەمیری کۆمەڵ بۆ شەهیدان، یان هەر ئێمە فێری ئەوە بووین کە بەدەق قسە بکەین؟

دواجار قسەکردن بەو تۆنە لە توندوتیژی و تاوانبارکردنی بەرانبەر بە عەقڵی مونحەریف و بێ بەڵگە جگە لە سەرگەردانی و جەهل چیتر نیە ؟ ئاخر تۆ ئەگەر ئەوەندە خۆت بە کەسی سپێشڵی ئیسلامیەکان ئەزانیت بۆ تا ئێستا

جێگات نەبۆتەوە لەناویاندا، بگرە عەلمانیەکانیش بەکاریان هێناویت بۆ ئەم کەناڵ و ئەو کەناڵ تا لەپەنا ستایشێکی ئەمیری کۆمەڵدا بۆ خۆ جوانکردن قسەیەکیش بە حیزبەکانی وەکو یەکگرتوو بڵێیت و وەزیفەی ئیسلامییان یەکسان بکەیت بەسفر، ئایائەو دەمەوەریەی تۆ بەرانبەر بە حیزب و ڕەوتە ئیسلامیەکان ئەیکەیت سەرگەردانیە یان ئەوەی ئێمە؟ ئەوە ئێمە نین پاکانە بۆ رابردوو ئەکەین و کوفر رازی ئەکەین ئێمە هەروەکو خۆمان واین ئەوە تۆیت جەناب سەروان سەنگەر قسە دوای قسە ئەتەوێت درزو شەبەق بخەیتە نێوان حیزبە ئیسلامیەکان و ئیعتراف بە هیچیشیان ناکەیت و بەمەش ئەتەوێت پێگەی خۆت لای عەلمانیەکان بەهێز بکەیت و خۆت وەکو کائینێکی بان حیزبی و پسپۆری شەریعەت (لەخۆ ڕازی و نەرجسی) بچوێنیت و ئەزمونی کرێکارو باخەوان دووبارە بکەیتەوە ! بەڵام خۆت هیلاك مەکە ئەوە بەتۆ ناکرێت شتی تاقیکراوە تاقی مەکەرەوە (من جرب المجرب حلت بها الندامة) خەڵکیش ئەمرۆ باش ئەزانێت دەقی شەرعی و ئەسڵی دین کامەیە و جارێکی تریش ئەیخەمە مێشکی 1400 ساڵ لەمەو پێشت کە هەڵویستی شەرعی ئەوەنیە تۆ رێز لە نەتەوەی خۆت و نیشتیمان و شەهیدەکانت نەگریت ئەوە هەڵەیەك بوو کراو نابێ دوبارە بێتەوەو ناشبێتە پێوەری شەرعی، ئەزانی پێوەری شەرعی کامەیە ئەوەیە لە سەرەوە قسەیان پێبڵێیت و بە کافر ناویان بەریت و لە ژێرەوەش پارەو ئیمتیازیان لێ وەربگریت و دەعوەتە وەلیمەییەکانیان بخۆیت، ئینحیراف و لادانیش ئەوەیە کە تۆ بەو سەرگەردانیە رەهایە قسە ئەکەیت و کەناڵێکت نیە بۆ دەعوەکردن جگە لەم کەناڵە.

* سوختە زاراوەیەکی کۆنە قۆناغی پێش فەقێیەتیە، قوتابی– سوختە – موستەعید– فەقێ ئینجا مەلا